# گشت و تاك لە پرۆسەی بەمەزهەب بوونی سیاسەتدا

**ن/ محەمەدی مشیر**

کاتێك سیاسەت بەرگی مەزهەب دەپۆشێ و لە پەنای مەزهەبەوە گوتاری سیاسی دادەڕێژێ ، تێکڕای کەناڵەکانی سیاسەت لە سەرەوەڕا ئاڕاستەو ئۆرگانیزە دەکرێ و تاك ناتوانێت لە سنووری چالاکی و جموجۆڵەکانی خۆیدا ،لە بڕیارو بەرنامەریزی کارەکانیدا وەك بەشێکی سەربەخۆ لەناوەوەی( گشتی پیرۆز) دا خاوەن بڕیار بێت. سەربەخۆیی تاك لە لایەن گشتەوە سنووردارو قاڵب بەندی دەکرێ، بە جۆرێ ملکەچی تاك مەرجی پێشوەختی کارکردنی تاکە لە چوارچێوەی گشتی پیرۆزو بۆ هەمیشەو تاهەتایە لە نێو بازنەیەکی داخراودا تاك بە فەرمایشتە پیرۆزەکانی گشت نوێ دەکرێتەوە یان تاهەتایە ناسنامەی لێدەسەنرێتەوە.تاك یا هەڵگری پەیامی پیرۆزی گشتە یان لەو سەری جەمسەردا رادەوەستێ ،نێوانی ئەم دوو دۆخە هێڵێکی سوورە تاك ناتوانێ لەوێدا راوەستێ،یا ئاوێتەی پڕۆژەکانی گشت دەبێ یا لە بەرەی دژە گشتدا پانتاییەك داگیر دەکات .

مەزهەب وەك گشتێکی پیرۆز کاتێك ئاوێتەی سیاسەت دەکرێ و سیاسەتیش بەو مارەبییە رازییە تاك تاکی بڕیارو چالاکیەکانی بواری سیاسەتیش لەم روانگەیەوە پیرۆز رادەگیرێن و ناکرێ تاکی سیاسەتوان پیرۆزی بڕیارە بنبڕەکانی سەرەوە بشکێنێ و سەرپێچییان بکات ،چونکە رەفتاری هەر تاکێ لە دەرەوەی پڕۆژەکانی گشتی پیرۆزدا ناپەسەندەو پێویستە هەوڵی چارەسازی و ریفۆرمی بۆ بدرێت و لە بۆتەی گشتدا سەر لە نوێ رامبکرێ و دوای گۆشکردنی بەرەو کۆمەڵگە پیادە بکرێتەوە.

تاکی بارگەکراو بە چەکی بنبڕی بڕیارەکانی گشتی پیرۆز لە هەوڵی بەردەوامدایە کە تێکڕای دیاردەو دەرهاویشتەکانی بوارەکانی سیاسەت،کۆمەلایەتی، مێژوو،رۆشنبیری،ئابووری،یاسا....، بخاتە ژێر رکێفی تێڕوانین و بۆچوونە پیرۆزەکانی گشت و لەوێوە راڤەیان بکات،بۆیە هەموو شێوە هەڵکووتان و هێرشبردنەکان لە لای ئەو رەوایەتیان پێبەخشراوەو تێکشکاندنی بێڕەحمانەی شێوە بیرکردنەوەکانی دیکە کارێکی رەوایە و،ئەو بە ئارەزووی خۆی رەفتاریان لە گەڵدا دەکات .

تاکی یاخی کە خۆی لە دەرەوەی پڕۆژەکانی گشتی پیرۆزدا دەبینێتەوە ،تاکێکی ناپەسەندی کۆمەڵگەیەو پێویستە تەواوی خڕۆکە سپیەکانی ئەو تەنە پیرۆزە هێرشی بکەنە سەرو پاکتاوی بکەن نەبادا ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا بە بیرۆکەی سەرکێشی و یاخیبوون ئاڵودە بکا .دەسەلاتی رەهای گشتی پیرۆز لە گشتەوە دەگوازرێتەوە تاکی بارگە کراو وەك بەشێکی دانەبڕاوی پڕۆژەکانی گشت و جێبەجێکاری گوێڕایەڵ وئەکتیڤی لکەکانی پڕۆژەکە، هەر بۆیەشە ئەو تاکە بارگەکراوە لە بەرانبەر تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا ،بە تایبەتیش ئەوانەی لە دەرەوەی پڕۆسەی پیرۆزی ئەودان ، ئەو دەسەلاتە رەهایە بەسەریاندا دەسەپێنێ وبێ رەزامەندی و ئاگایی ئەوان، نەخواستە بە ویستی ئەوان بڕیاری بنبڕ بە سەر تەواوی خواست و بۆچوون و تێهزرین و رامانەکانیان دەسەپێنێ و کاملبوونی خودی خۆی لە تواندنەوەی ئەواندا بەرجەستە دەکات . گشتاندنی بڕیارەکان بە سەر ئەوانی دیکەی نێو کۆمەڵگا و مافی بڕیار بەخۆدان لەجیاتی ئەوان ،یەکێ لە دیاردە هەرە باوەکانی بە مەزهەب بوونی سیاسەتە ، ئەگەرچی هەندێ جاران لە بەرانبەر فشارویاخیبوونەکاندا نەرمە پاشەکشەیەك دەکاو لە بەرگی جیاجیاو ناوی جیاوازدا ئاکارو سیمای میانڕەو و ئاشتیخوازانە بە تاکەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە نیشاندەدا ،بەلاّم لە ناوەڕۆکدا گوزارشت لە هەمان ناوەڕۆکی رەها دەکاو هەر کاتێ کۆنتڕۆڵی نێوەندەکانی بڕیار بگرێتە دەست پەنا دەباتەوە بەر هەمان میتۆدو لە سایەی ئەودا ململانێ هەڵواسراوەکان یان تەئجیلکراوەکان یەکلادەکاتەوە !!

زمانی گوتاری گشتی پیرۆز وێڕای نەرمی نواندن لەو دۆخانەی کە پێویست بە نەرمی دەکات تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان ئارام و هێور دەکاتەوە، هەمان ئەو زمانە پیرۆزەیە کە دەرفەتی رەخنە بە کەس نادات و هەموو شێوەکانی رەخنەی دەرەوەی خۆی لەو پەیامەی کە پێیەتی بە شێوەیەکی توند رەتدەکاتەوە ، چونکە هەموو دەبێ بە زمانی ئەو شتەکان بخوێننەوەو راڤەیان بکەن و لێکدانەوەی شیاویان بۆ بدۆزنەوە، واتە شیکردنەوەو دواتریش رێگە پێدان یان پێنەدان بەو ئەندازەیە دەبێ کە تا چەند زمانی گوتاری دەرەوەی گشت جووتە لەگەڵ زمانی گوتاری خودی گشتی پیرۆز یا ناکۆکە ،هەر بەو ئەندازەیەش لە لایەن گشتەوە رەوایەتی پێدەبەخشرێ یا دەکەوێتە خانەی ناڕەواو قەدەغەکراوەکان .

بەناڕەوا لەقەڵەمدانی هەر جوڵەیەکی سیاسی پێشکەوتنخواز یا هەر بەرهەمێکی هزری زانستی یاخود هەر بزاڤێکی هوشیاریخوازی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی میتۆدی بیرکردنەوەی رەهای پیرۆزدا ئاکارێکی دیکەی هەرە زەقی گشتی پیرۆزەو هیچ کاتێك ناتوانێ دەسبەرداری بێ چونکە کەم رەنگبوونەوەو نەمانی خۆی مسۆگەر دەکا.

سیاسەتی بە مەزهەب بوو دیاردەیەکی زەقی سەردەمەونەك هەر لە وڵاتە دواخراوەکانی خۆرهەڵاتدا بەڵکو تەنانەت لە وڵاتە پڕ تەکنەلۆژیاکانیشدا باوەو( نمونەی سوسیال مەسیحیەکان و مەسیحییە راستڕەوەکان و هەڵمەتە بەردەوام و بەرفراوانەکانی بەکریستیانکردن لە سەرتاسەری جیهاندا )، رەنگە تەشەنەکردن و سەرهەڵدانەوەی بەربڵاوی ئەم مۆدەی سیاسەت لە هەردوو جیهانی دواخراوو پێشرەوتەدابۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی بگەڕێتەوە لە هەردوو لایەنی بابەتی و خودییەوە بەلەبەرچاوگرتنی تایبە تمەندییەکانی هەرلایەنێك لە هەردوو جیهانی جیاوازدا. لەو هۆکارانەش کەدەکرێ بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیان پێبدەین یەکەمیان : ریشەی قوڵی هزری مەزهەبی بە تایبەت لە کلتورو مێژووی خۆرهەڵاتدا، دووەمیان : شکست و پاشەکشەی هزری پێشکەوتنخواز و گیرۆدەبوونی بە دەست کۆمەڵێ ئاستەنگی تیۆری و پراکتیکی،سێیەمیان : قوڵبوونەوەی ئاستەنگە رۆحی و کۆمەڵایەتیەکانی تاك لە سایەی باڵادەستبوونی سیستەمی سەرمایەداریدا ، چوارەمیان : چارەسەر نەکردنی بەشێکی گرنگی کێشە و خواستەکانی تاکی خۆرهەڵاتی لە لایەن دەسەڵاتە گشتگیرەکانەوە، پێنجەمیان : چالاك بوونی خودی گروپ و لایەن و حزب و رێکخراوە مەزهەبیەکان و قۆستنەوەی هەلی پاشەکشەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە جیهاندا بە گشتی و لە خۆرهەڵاتیشدا بە تایبەتی ،شەشەمیان: پێڕەوکردنی تاکتیکگەلێکی سەردەمیانە لە لایەن زۆربەی تەوژمە مەزهەبیەکانەوە لە پێناو گەیشتنی خێراتر بە ئامانجە ستراتیژییەکان و توانای کێبڕکێ دابین کردن لە بەرانبەر لایەنە دژەکاندا،

حەفتەمیان :بێ ئیرادەکردنی تاکی خۆرهەڵاتی لە لایەن رژیمە گشتگیرو دیکتاتۆرەکاندا و دواتریش چاندنی گیانی خۆبە دەستەوەدان و گوێڕایەڵی کوێرانە و ملکەچبوونی بەردەوام لە بەرانبەر زۆرو توندوتیژی دەسەڵاتدا،هەشتەمیان: پەرتەوازەیی هێزە پێشکەوتنخوازو روناکبیر و توێژە رۆشنبیرەکانی کۆمەڵگە و نەبوونی پڕۆژەیەکی گۆڕان بەرەو پێش کە لە نێو جەماوەرو نێوەندە کۆمەڵایەتیە جیا جیاکاندا پێگەیەکی بە هێزی هەبێ.

ئەمانەی لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن چەند هۆکارێکی گشتین رەنگە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە بەشێکی جیهانەوە بۆ ئەوی تر وەکو یەك نەبن ئەگەرچی رووی هاوبەشیشیان هەبێ،بەڵام ئاخۆ بە چ شێواز و بەرنامەیەکی کاری تۆکمە دەکرێ رێگە لەم رەوتە نەویستراوە بگیرێ و تاك و کۆمەڵگە لە ژێر چەپۆکی گشتی پیرۆزدا ئازاد و رەها بکرێ؟!

سادەترین بەرسڤی ئەم پرسیارەی سەرەوە لەوانەیە ئەوەبێ کە تاك دواتریش کۆمەڵگە هوشیار بکرێتەوە، بەڵام ئاخۆ هوشیاربوونەوە لە ژێر سایەی بارودۆخێکی بابەتی و مێژوویی شپرزەو شێوێنراودا کارێکی سادە و ئاسانە ؟ هەڵبەتە نەخێر ،لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ تاك ،ئەو بوونەوەرە هەستیارو پڕداهێنانە کە مێژووی خۆی لە رێگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە خۆی لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەرەنجامی کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمیان دێنێ ،لە رێگەی ئەزموونە نەپچڕاوەکانی مێژوودا خۆی بە سەر تەنگژەو ئاستەنگەکاندا زاڵدەبێ و رێگاچارەی شیاو و بەجێیان بۆ دەدۆزێتەوە ، هەروا بە دۆشداماوی لە بەرانبەر رووداو و وەرچەرخانەکانی سەردەم راوەستێ و سوود لە ئەزموونەکانی خۆیی و گەلان و تاقیکردنەوەکانی دیکەی بزاڤی رزگاریخواز و پێشکەوتنخوازانەی جیهان وەرنەگرێ،چونکە گشتی پیرۆز هەرچەندە ئەمڕۆ بازاڕی گەرم بێ و تاکەکان ئاوێتەی پڕۆژە هزری و سیاسیەکانی خۆی بکات و ئەوپەڕی سوود لە تواناو ووزەیان وەربگرێ ، رۆژێ دادێ هەمان ئەو تاکە لە پرۆسەی نوێخوازیدا لە بەندوکۆتی پیرۆز راگیراوی گشتی پیرۆزدا ئازادبێ و درێژە بە کاروانی پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤدۆستانەی بدا!!.